حکومەتی هەرێم زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان چارەسەر دەکات

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئاشکرای کردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زیاتر لە دوو ملیار دینار زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان چارەسەر دەکات.

ئەمە دوو شەممە، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوەکدا ئاشکرای کردووە، بەردەوامن لە چارەسەر کردنی زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان .

بەپێی راگەیاندراوەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو ملیار و دووسەد و هەشتا ملیۆن دیناری بە ئەو پرۆژەیە تەرخانکردووە و بەوبەرایەتی گشتی بەنداو و کێگاکانی ئاو سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکات.

وەزارەتی کشتوکاڵ رایدەگەیەنێت، سەرەتای قەیرانی دارایی، 75٪ ی کارەکانی پرۆژەی چاککردنەوەی زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان کە بەهۆی بوومەلەرزەوە پێی گەیشتووە، جێبەجێکراوە و کاری بەردەوامیشی تێدا دەکرێت.